دووەمین ساڵیادی شەهیدی قەڵەم د. عەبدولستار تاهیر بەڕێوەچوو   سلێمانی،
کوردستانی نوێ2/3/2010



لەڕێورەسمێکی تایبەتدا دووەمین ساڵیادی شەهیدی قەڵەم د. عەبدولستار تاهیر کرایەوە، کە ئەو ڕێورەسمە بەئامادەبوونی کەسوکارو هاوڕێیانی شەهید لەڕۆژی (2010/3/1) لەهۆڵی ڕۆشنبیری بەڕێوەچوو.
لەسەرەتای ڕێورەسمەکەدا باسێك لەژیانی تایبەتی و ژیانی ڕووناکبیری و سیاسی شەهیدی قەڵەم عەبدولستار کرا، پاشان هەریەك لەد. عزەدین مستەفا ڕەسوڵ و شوان داودی، لەتیف فاتیح فەرەج، ئەحمەد میرە، باسیان لەچەند یادەوەرییەك لەبارەی د.عەبولستار وەك کەسایەتییەکی سیاسی و ڕووناکبیری کردو هەروەك نەفرەتیان لەدەستی ڕەشی تیرۆر کردو خوازیاربوون کە حکومەت هەوڵبدات ئەو کەسانەی کە دەستیان بەخوێنی چەندین کەسایەتی ئەم میلەتە سوورە لەڕێگەی یاساوە بدۆزرێنەوەو سزای عادیلانەیان بەسەردا بسەپێنێت، لەکۆتایشدا ئاکۆ عەبدولستار کوڕی شەهید لەوتەیەکیدا سوپاسی ئامادەبووانی کردو هیوای خواست دەستی ڕەشی تیرۆر لەڕێگەی یاساوە سووك و ڕسوا

بکرێت.
شایانی باسە د. عەبدولستار لەساڵی (1935) لەشاری کەرکوك لەدایکبووەو قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و خولی پەروەردەی مامۆستای هەر لەکەرکوك تەواوکردووە، قایمقامی قەزای کۆیەو کەلارو چەمچەماڵ و بەعقوبەو.... هتد بووە، لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم-دا وەزیری وەزارەتەکانی ئیشغال، شارەوانی، گواستنەوە بووە.
لەزانکۆی موستەنسریە پلەی ماستەر دکتۆرای لەدەروونناسیدا وەرگرتووە، لەژیانیدا سەرۆکی چەندین دەزگای رۆشنبیری کوردی بووە، هەروەها سەرنووسەری رۆژنامەی (شمس کردستان (بووە و خاوەنی (12) کتێبەو (10) کتێبی رەشنووسی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە، لەدوای (7) ساڵ ژیان لەتاراوگە گەڕاوەتەوە شارەکەی و بۆتە مامۆستای زانکۆ لەکەرکوك، لەڕۆژی (2008/3/1) بەدەستی رەشی تیرۆریستان شەهید کرا

http://knwe.org/Direje.aspx?Jimare=1443&Cor=8&Besh=Araste